مەهاباد قەرەداغی

# دۆخی کچانی ئەنفالکراوی فرۆشراو
# خوێندنەوەیەکی "سۆسیۆ- پۆلیتیک"انە

## یەکێک لە هەزاران دەروازەی ئەنفال:

کە بابەتێک سەبارەت بە ئەنفال بە زمانێکی تر و بۆ خەڵکانی تر جگە لە کورد بنووسرێ؛ ڕەنگە پێویست بەوە بکات لە پێشەکییەکی دوورودرێژدا پێناسەی ئەنفال بکرێت،کات و شوێنی ڕوودانی، چۆنێتی و چەندێتی قوربانییەکانی و کاریگەریی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری و کلتووری کارەساتەکە ڕوون بکرێتەوە. بەڵام کە بابەتەکە بە کوردییە و بۆ خەڵکانێکە کە ئەنفال بەشێکی بەرفراوان و قووڵی لە یادەوەرییان داگیرکردووە، تەنها وشەکە بەسە بۆ ئەوەی لە مەبەستت تێبگەن. ئەوەی گرنگە لەم دەروازەیەدا ئاماژەی پێبکرێت میتودی خوێندەوەی چمکێکی هێمائامێزی ئەنفالە کە پەیوەستە بە ژنی کوردەوە، لە ڕێگەی خوێندنەوەیەکی (سۆسیۆ-پۆلیتیک)انە بۆ دیاردەکە و شیکردنەوەی هێڵ و ئاماژەکانی ئەو دیاردەیە.

دوای ڕووخاندنی ڕژێمی بەعس و دۆزینەوەی هەزاران بەڵگە لەسەر جۆری ئەشکەنجەکانی زیندان، نەخشەی پەلامارەکانی ئەنفال و هتد، لەناو ئەوانەدا بەڵگەیەک کەوتە دەستی کورد و لەو بەڵگەیەدا ناوی هەژدە کچی کوردی ئەنفالکراوی تێدایە کە لە نێوان تەمەنی 14 تا 25 ساڵیدا بوون و لە لایەن دەزگای بەدناوی ئیستیخباراتی بەعسەوە فرۆشراون یان پێشکەش کراون بە دەوڵەتی میسر بۆ مەبەستی بەکارهێنانیان لە سەماگەکانی شەودا (مەلهاکان).

بەڵگەنامەکە ژمارە/1601 ی دراوەتێ و لە مێژووی/ 10-12-1989 نووسراوە و لە لایەن بەڕێوەبەرێتی موخابەراتی شاری کەرکووکەوە بۆ بەڕێوەبەرێتی موخابەراتی گشتی نێردراوە.

ئەگەرچی ئەو بەڵگەنامەیە دەتوانێت هێمابێت بۆ دەیان گرووپ کچی تر کە لە شاڵاوەکانی ئەنفالدا ڕەشبگیرکران، فرۆشرابێتن یان پێشکەشکرابێتن بە وڵاتانی کەنداوی عەرەبی و وڵاتانی تر، کە ئەمانە بە تیۆریی دەوترێن بەڵام مەخابن جگە لەم بەڵگەیە تا ئەمڕۆ بەڵگەیەکی ترمان بە دەستەوە نییە. بەڵام دەتوانین تەنها ئەو بەڵگەیە و ئەم گروپە کیژەی کە ناویان لە بەڵگەنامەی فرۆشتندا هاتووە بکەین بە بنەمای لێکدانەوە و شیکردنەوەکانمان و دۆخی کورد بە گشتی و ئەنفالکراوەکان بە تایبەتی و ژنانی کورد بە تایبەتیتر لە میانەی کۆدەکانی ئەم بەڵگەنامەیەوە بخوێنینەوە.

## سوورەتی ئەنفال، وەک تیۆریەک بۆ بەکۆیلەکردن:

بەکارهێنانی سورەتی ئەنفال وەک ژێرنووسی تیۆرییەکی تر کە بەعس بۆ بەکۆیلەکردنی مرۆڤی کورد بەکاری هێنا، لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە سوورەتی ئەنفال تیۆرییەکی ڕوونە بۆ "سزا" و "پاداشت" و دەکرێ نەک هەر بەعس بەڵکە هەر ڕژێمێکی تری دیکتاتۆر بۆ سەرکوتکردنی گروپە بەرهەڵستکارەکان بەکاری ببەن و بەهۆی ئەو تیۆرییەوە ڕەوایەتی بەو تاوانانە بدەن کە بەرامبەر بە کۆمەڵانی خەڵک ئەنجامی دەدەن. سوورەتی ئەنفال نزیکەی "هەزارەیەک" و "چوار سەدە" پێش ئەمڕۆ هاتووەتە ئاراوە و بۆ گروپی سزادەر کە لە پێناوی بەکۆیلەکردنی کۆمەڵگەو گروپی سزادراو پراکتیزەی کردووە. ئەنفال سوورەتی هەشتەمی قورئانە، کە لە 75 ئایەت پێک هاتووە. ئەم ئایەتانە لە شاری مەدینەی عەرەبستانی سعودی، لە مانگی ڕەمەزانی ساڵی دووەمی کۆچی نووسراوە و ناوەڕۆکەکەی بریتییە لە چۆنێتی گرتن، کوشتن، بەکۆیلەکردن و تاڵانکردنی سەر و سامانی کافران. (کافران بریتی بوون لە هەموو ناموسوڵمانێک).

لە پرۆسەی ئەنفالکردنی کۆمەڵگەی کورددا، بە زنجیرەیەک پەلاماری بێپەروا لە ساڵی 1988 دا لە لایەن ڕژێمی بەعسی عێراقەوە، بە ناو و ناوەڕۆکی ئەم تیۆرییەوە کوردیان کرد بە کەرەستەی تاقیکردنەوەی چەکی بیۆلۆژی و گریمانەکانی سیاسەتی ڕەگەزپەرستی و، دواکۆیلەکانی هەزارەی دووەمی زایینی.

وا لە سەرەتای هەزارەی سێیەمدا، کە لە بەشێکی دنیا پرۆسەی گەشەکردن بە خێرایی موشەک تێدەپەڕێ و شۆڕشی زانیاری دنیا دەگرێتەوە، لە عێراقی پاشماوەی سەددامدا بەڵگەی مانەوەی قۆناغی کۆیلایەتی دەردەکەوێت و، "ژنانی کورد" ئەو کۆیلە بێسەروشوێنانەن کە ڕووی نەک ڕژێمی داوەشاوی بەعس، بەڵکە ڕووی میسر و زۆر وڵاتی تری عەرەبی (کە ڕۆژێ بەڵگەمان لەسەر ئەوانیش دەست دەکەوێت)، کە کچانی کوردی ئەنفالکراویان کڕیووە ، یان وەک دیاری وەریان گرتوون، ڕەش دەکات.

لێرەدا وشەی "فرۆشتن" تەنها ئاماژەیەکە بە دۆخی کۆیلەبوونی کورد بە گشتی و ژنی کورد بە تایبەتی، چونکە ڕژێمی بەعس پێویستی بەوە نەبووە لە بری ئەوانە پارە وەربگرێت و فرۆشتنی کۆیلەی کورد وەک سەرچاوەیەکی داهات بیبوژێنێتەوە. چونکە خودی سامانی سروشتی کوردستان و نەوت بە تایبەتی، کە هەر لە ڕۆژی دروستبوونی دەوڵەتی زۆرەملێی عێراقەوە دەستی بەسەردا گیراوە دەوڵەتی عێراقی کردووە بە یەکێک لە دەوڵەتە دەوڵەمەندەکانی ناوچەکە، بەڵام ئەو ئابوورییە لە خزمەتی هاوڵاتیدا بەکار نەبراوە و تەنها لە خزمەتی دامودەزگای سەرکوتکەر بە گشتی و دژی کورد بە تایبەتی بەکار براوە.

بەڵگەنامەی فرۆشتنی ژنان و کچانی کوردی ئەنفالکراو لێرەدا ناکرێ تەنها وەک کۆنتراکتێکی بازرگانی کۆیلە بیژمێرین، ئەگەرچی یەکێک لە ئاماژەکانی ئەو بەڵگەنامەیەش کۆیلەفرۆشییە، بەڵکە لەو ڕەفتارەی بەعسدا کۆمەڵێک دۆخی هێمائامێز هەن کە دەتوانرێت وەک کۆدێک یان کۆمەڵەکۆدێک بۆ لێکدانەوەی هێماکان لەبەر ڕۆشنایی پێوەرەکانی کۆمەڵناسی سیاسەتدا بەکار بهێنین. کە من لێرەدا لەم خاڵانەدا کۆیان دەکەمەوە:

<u>یەکەم:</u> فرۆشتن یان پێشکەشکردن وەک کۆدێک بۆ بەتاڵکردنەوەی مرۆڤی کورد لە سیفەتە مرۆڤانەکەی و کردنی بە "شت" و"کاڵا"، کە دەکرێت ئەو شتانە لە ئاڵوگۆڕێکی بازرگانیدا بگۆڕدرێنەوە بە "پووڵ و پارە". یان وەک دیاری پێشکەش بکرێن بە دۆستانی نزیک.

<u>دووەم:</u> "کچ و ژن" کە لە کلتووری باوکسالاریدا کۆدی شەرەفی پیاویان پێدراوە و شەرەفیش تا ڕادەی زێدەڕۆیییەکی کوشندە بایەخی ڕەوشتیی بۆ داتاشراوە و، کراوە بە کلیلێکی ترسناک بۆ دەرگاکانی دەروونی مرۆڤی نەریتی لەو کۆمەڵگایانەدا، ئەم دۆخی فرۆشتنەی کچانی کوردی ئەنفالکراو کۆدێکە بەعس وەک چەکێکی دەروونی بۆ زەبروەشاندن لە دەروونی نێرینەی کورد بەکاری دەبات و وەک هێمای هەڵوەشانەوەی شەرەف و نامووسی پیشانی دەدات.

<u>سێیەم:</u> ناردنی کچان و ژنانی ئەنفالکراو بۆ سەماگە و یانەی شەوان دیسانەوە کۆدێکە پەیوەستە بە ڕەوشت "بەو مانایەی کلتووری خێڵ پێناسەی کردووە". شەوکاری ژن لە سەماگەکاندا جگە لە فرۆشتنی شیلەی جەستەی ژن و بوونی بە ئامرازێکی سێکسی بۆ تێرکردنی پیاوانی "نەوسنی سێکس" چیدیکە ناگەیەنێت. لەم دۆخەدا هەناردنی "کچان"ی "کورد" بۆ "شەوکاری لە سەماگەکاندا" کۆدێکە و بەعس ویستوویەتی بەم هێمایە بە کورد بڵێت:

- تۆ ئەگەر مرۆڤ بیت مرۆیەکی کۆیلەیت و من خاوەنتم.
- بەوەی کە کردوومی بە کۆیلەی خۆم و ئازاد نیت،لەبەهاکانی مرۆڤ خاڵیت دەکەمەوەو دەتکەم بە شت و مەکی خۆم، دەتفرۆشم یان پێشکەشت دەکەم بە دۆستانم، ئەوە شتێکە تەنها خۆم بڕیاردەرم تیایدا.
- تۆ کە ئەوەندە پەیوەستی بە شەرەفەکەتەوە، ئەوەتا شەرەفی تۆم بۆ شەوکاری لە سەماگەکاندا ناردووە و شیلەی شەرەفی تۆ لەو گۆڕەدایە و هەرکەسێ بیەوێت دەتوانێت بە چەند جونەیهێکی میسری بیمژێت.
- تۆ کە شەرەفت تاقەبەهایەک بووە شانازیت پێوە کردووە، ئیدی مافی شانازیکردنت بە خۆتەوە نەماوە و مێژووی تۆم لەناو شەرمەزاریدا خوساندووە.

دیارە کلتووری بەعس کلتوورێکی زۆر تۆخکراوەی خێڵەکانە و ژن لەو کلتووری خێڵەدا چەکی شەرەفە و بەکارهێنانێکی کارای هەبووە لە کوشتن و بێبایەخکردنی یەکتریدا. تۆڵە و سزادان لە بەرامبەر ڕەفتارێکی سادەی دژبەیەکدا لە کلتووری خێڵدا لە نۆرمە هەرە باو و سەپاوەکانە. ژن لە کلتووری خێڵدا وەک ئامرازێکی تۆڵەکردنەوە و دوژمنایەتی بەکار براوە و، وەک ئامرازی ئاشتبوونەوە و دۆستایەتیش دیسان بەکار براوە.

## <u>بۆ نموونە:</u>

هەندێ جار لەسەر کێشەیەکی سادەی وەکو "چوونی ڕانەمەڕی یەکێک بۆ ناو خەلەو خەرمانی ئەویتر"، پیاوێکی سەر بە "خێڵی خەلەوخەرمان"ەکە لاقەی ژنێکی لە بنەماڵە یان "خێڵی ڕانەمەڕ" کردووە بە هێمای ئەتک کردن و ئابڕووبردن، بە ئامانجی بێبایەخکردنی لەناو عەشاماتی یەکجۆربیرکەرەوەی خێڵەکاندا. خێڵی یەکەم فرسەت لە پیاوی ئەتککەر دەهێنێ و دەیکوژێت. لە فرسەتێکی دیدا ئەمجارە "خێڵی ڕانەمەڕ" ژنێکی سەر بە "خێڵی خەلەوخەرمان" دەکەن بە ئامرازی تۆڵە و لە فرسەتێکی تریشدا پیاوی ئەتککەری دووەمیش بەو دەردەی یەکەم دەبرێت و خوێن لە نێواندا دەبێتە گەورەترین هەڕەشە و دوورنییە تا ڕیشەکێشکردنی یەکتری درێژە بخایەنێت. دوای پرۆسەیەکی درێژ و زنجیرەیەک لە ئەتک و تۆڵە و سزای فیزیکی و دەروونی و ڕەوشتی یەکتری، لە ئاکامدا کۆنگرەی هەردوو خێڵ بۆ خۆشکردنی خوێن و پاککردنەوەی ئەو حسابانەی نێوانیان ژنگەلێکی هەردوو خێڵ لە پیاوگەلێکی هەردوو خێڵ "مارە" دەکەن و کێشەکە بۆ پیاوانی خێڵ کۆتایی دێت. لێرەدا ئەگەرچی دەستەواژەی "مارەکردن" ئاماژەیە بۆ ڕەوایەتیدان بە کردە و پرۆسەی هاوسەرداریەکی ئاسایی کە بە گوزارە ئایینییەکەی پێی دەگوترێت "زواج شرعی"، بەڵام لە نێوەڕۆکدا جگە لە ئاڵوگۆڕێکی

**کۆیلانە بە ژن لە پێناوی چارەسەرکردنی کێشەی پیاوانی خێڵەکان کە "پیاوان" خۆیان دروستیان کردووە، هیچی تر ناگەیەنێت. پەیوەندی سێکسی نێوان ئەو ژن و مێردە "شەرعی"یەش ئەوپەڕی نائارەزوومەندانە و نارەوایە.**

**بەعس لە فەرمانڕەوایی خۆیدا پشتی بە "عەقڵی ناعەقڵانی" و "کلتووری نالۆژیکی" خێڵ دەبەست بۆ پاراستنی پایەی خۆی و تا توانیشی ئەم کلتوورەی لە بەرژەوەندی دەسەڵاتەکەی خۆیدا تۆخ کردەوە. بایەخدان بە پرسی شەرەف و تۆخکردنەوەی ئەو پێناسە نالایقەی شەرەف کە لە کلتووری خێڵدا لە جەستەی ژندا بەرجەستە دەبێت، هەوڵێکی سەرگرتووانەی بەعس بوو کە بیرکردنەوەی پیاوانی ئەو وڵاتەی لە گەشەسەندن خست و ژنانی ئەو وڵاتەی لە بەهای مرۆڤانەی خۆی خاڵی کردەوە و کردنی بە کاڵای خێڵ.**
**ڕێگەگرتن لە هەموو جۆرێکی گەشەسەندنی فیکری و کلتووری لە ناو خەڵکی عێراقدا بە گشتی لە لایەن بەعسەوە ئەو ئاکامەی لێ کەوتەوە کە عێراق کۆمەڵگەیەکی ئاسایی نەبێت وەک چۆن لە تیۆرییەکانی کۆمەڵناسیدا پێناسە بۆ کۆمەڵگە کراوە، بەڵکە بریتی بێت لە کۆمەڵێ خێڵی هەرە پریمیتیڤ کە غەریزەکان دەیانبزوێنێ و لە هەموو جۆرە ئاکار و بیرکردنەوەیەکی عەقڵانی بەدەر بێت.**
**بەعس بە یاسا ئەم کلتووری خێڵەی پشتقایم دەکرد تا ئەو ڕادەیەی ڕەوایەتی بە پیاوانی بنەماڵە بدات کە مێینەکانی بنەماڵە بکوژن ئەگەر ئاکارێکی شەرەفڕووشێنیان ئەنجام دابێت، بۆ ئەو کوشتنەش سزایەکی ئەوتۆ نادرێن کە کاریگەری لە ژیان و خۆشگوزەرانی داهاتوویان بکات. پەیڕەویکردنی یاسای "غسل العار" ئەو یاسایە بوو بە تەواوی کۆیلەیەتی بۆ ژنی ئەو دەڤەرە تۆمار کرد.**
**کورد لە باشووری کوردستاندا کە داگیرکراوی دەوڵەتی عێراقە؛ زیاتر لە هەموو شوێنێکی تری ژێر دەسەڵاتی بەعسی فەرمانڕەوا، لە هەموو جۆرێکی گەشەسەندنی ئابووری، کۆمەڵایەتی و کلتووری دواخرابوو. کلتووری خێڵ پەرەی پێ دەدرا. پیاوانی خێڵ چەکدار دەکران و دووی سەرەک خێڵ یان سەرەک عەشیرەتێک دەخران. پێشبڕکێی عەشیرەتگەری و خێڵگەری بە تایبەت لە ساڵانی هەشتاکاندا و لە سەردەمی شەڕی هەشت ساڵەی عێراق-ئێران دا لە کوردستاندا پەرەی پێ درا و گەیەندرایە چڵەپۆپە. لە پیاوانی عەشیرەت "فەوجی خەفیفە" و لە سەرانی عەشیرەت " موستەشار" دروست دەکران و دەخرانە دۆخی پێشبڕکێ لەگەڵ یەکتردا بۆ چەکدارکردنی زۆرترین ژمارەی پیاوان لەناو "فەوجەکانی خەفیفە"دا. ئەم دیاردەیە چەند ئامانجێکی بۆ بەعس دەپێکا، کە ئەمانەی خوارەوە گرنگترینیان بوون:**

1. **بەهۆی شەڕی (عێراق- ئێران)ەوە ژمارەیەکی زۆر سەربازی کورد لە بەرەکانی شەڕ هەڵدەهاتن. بۆ ئەوەی ڕێگە لەوە بگرێت ئەم سەربازە هەڵاتووانە بچنە شاخ و ببن بە پێشمەرگە و لە بەرەی دژی بەعسدا شەڕ بکەن، بیری دروستکردنی " افواج خفیفە " ئەم کێشەیەی بۆ بەعس سووک کردەوە.**
2. **بۆ ئەوەی بیری عەشیرەتگەریی و کلتووری خێڵ لە کوردستانیشدا تۆخ کاتەوە و خەڵکی کوردستان پابەند بکات بە نۆرمەکانی خێڵ و سەرەک خێڵەوە. بە داهێنانی ئەو فەوجانە و پایەدارکردنی سەرانی خێڵ بە ناوی "موستەشار" ەوە، بۆ بەعس قەدبڕترین ڕێگای گەیشتن بوو بەو پلانە سیاسی و کۆمەڵایەتییانەی کە بۆ کۆنترۆڵکردنی خەڵکی کوردستان کێشابوونی.**
3. **لە بیری عەشیرەتگەری و خێڵگەریدا بیرکردنەوە لە بەهای ڕەوشتدا، ڕەوشتیش لە بەهای شەرەفدا چڕ دەکرێتەوە. شەرەفیش بریتییە لە سێکس و ئۆرگانی سێکسی ژنەکانی خێڵ و بنەماڵە. بەعس بە پەرەدان بە کلتووری خێڵ و بەهای شەرەفی خێڵ، بە تایبەت لە کوردستاندا سوودی زۆری پێ دەگەیشت و بەو کلیلە دەیتوانی زۆرترین دەرگای بەرهەڵستیکردنی کورد دژی داگیرکراویی کوردستان و ژێردەستەیی نەتەوەکەی قوفڵ بدات. چونکە ئەوەی بە پلەی یەکەم دێت لە کلتووری خێڵدا پاراستنی داوێنی ژن و کچانی بنەماڵەیە. شەرەفپارێزی لە پلەی یەکەمدایە و "سێنتراڵ"ە و، وڵاتپارێزی لە پلەیەکی دووەم یان خوارتردایە. لە کلتووری خێڵدا هێندەی داوێنی ژن و کچەکانی خەتەر لە سەر شەرەفی دروست دەکەن، نیو ئەوەندە داگیرکراویی خاکەکەی و ژێردەستی خۆی و لاوازیی کەسایەتییەکەی خەتەری لەسەر دروست ناکەن. لە کلتووری خێڵدا کاتێک پیاو بکەوێتە نێوان دوو ئەڵتەرناتیڤەوە "شەرەفپارێزیی" یان "وڵاتپاێزی"، بێ سێ و دوو کردن یەکەمیان هەڵدەبژێرێت و شەرەفپارێزیش بۆ ئەو بریتییە لە چڕکردنەوەی بیر و هۆش و وزە و توانای لە پاراستنی "کۆنترۆڵکردن" ی داوێنی "ئۆرگانی سێکس" ی ژنانی بنەماڵە و خێڵەکەی. بۆیە تۆخکردنەوەی کلتووری خێڵ لە کوردستاندا زۆر ئامانجی بۆ بەعس دەستەبەر دەکرد و لە هەمووشیان گرنگتر بۆ ئەو بێ هێزکردنەوەی بەرهەڵستی بەعس یان بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد بوو.**
4. **کە بیر و هۆشی مرۆڤی کوردی وابەستەی شەرەف کرد، ئیدی لێدانی بیر و هۆشی مرۆڤی کورد بە خودی ئەو چەکە "چەکی شەرەف" دەبێتە کاریگەرترین چەک بۆ شکاندنی کەسایەتی و شێواندنی دەروون و ڕووخاندنی ورە و کەمکردنەوەی وزەی. سەدان نموونەی روون لە ژیانی ڕۆژانەی ئێمەدا دەبن بە بەڵگەی ئەم بۆچوونە، کە من لێرەدا ئاماژە بە دیارترین نموونە**

دەکەم. ئەگەر تەماشای ئەو دوکومینتارانە بکەین کە لە تەلەفیزیۆنەکانی کوردستانەوە لە سەر کارەساتی ئەنفال دروستکراون، یان ئەو ئینتەرڤیوانە بخوێنینەوە لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا لە سەر کارەساتی ئەنفال و زەبروزەنگە پیادەکراوەکانی ڕژێمی بەعسن لە کوردستاندا، دەبینین پیاوی کورد بە خەمەوە بەڵام زۆر بە خەمێکی ئاساییەوە باسی وێرانکردنی 4500 دێی کوردستان دەکات، باسی کیمیابارانکردن، گوللەبارانکردن، لەسێدارەدان و دەیان جۆری ئەشکەنجەی تر دەکات کە بەعس ڕووبەڕووی کوردی کردۆتەوە. بەڵام کە دەگاتە باسکردنی ئەوەی کە بەسەر زیللەکانی ئەنفالەوە "دەرپێی ژنی کورد" هەڵواسراوە، ئیدی شێت و هار دەبێت، دەداتە پڕمەی گریان. ئەگەر بە ئاشکراش نەگری، هەست بە کڵپەسەندنی ناخ و دەروونی دەکەیت. لە کلتووری خێڵدا بە گشتی وایە و ئەمە تەنها دۆخی پیاوی کورد نییە و پەیوەست نییە بە گەلی کوردەوە، ئەمە پەیوەستە بە کلتووری خێڵەوە. عەقڵی پیاوی خێڵەکی لە سەری خۆیدا نییە، بەڵکە لەناو دەرپێی مێینەکانی بنەماڵەدایە. بۆیە "دەرپێ" ی ژن دەبێتە کۆدی کۆیلەکردنی و، دوژمنانیشی دەتوانن بە یاریکردن بەم کۆدە یاری بە "هۆشی گشتی" ئەوانەوە بکەن.

5. ژن لە کلتووری خێڵدا بەهۆی ئەوەوە کە کراوەتە کۆدێکی هێندە خەتەر ؛ بۆمبایەکی کۆککراو لە جەستەیدا دانراوە بۆ تەفروتووناکردنی خۆی و بنەماڵە و خێڵەکەی، ئیدی لە گەشەسەندنی ئاسایی دەکەوێت و خۆیشی بایەخی خۆی تەنها لە داوێنی خۆیدا دەبینێت. خۆیشی خۆی بە بوونەوەرێکی گوناه و بێئەرک و لاواز دەبینێت. ژنێکی سەر بەو کلتوورە زۆر بە خەمساردی و بە تەواوی باوەڕەوە بە خۆی دەڵێت (زەعیفە). ئەمە نەک لەناو چینی نەخوێندەوارانی ژناندا بەڵکە لەو ژنانەشیان دەبیستین کە خوێندنی باڵایان تەواو کردووە و لە چاو پیاوێکی نەخوێندەواردا خۆیان بە زەعیف و ئەو بە بەهێز دەبینن. بەم پێیەش هەردوو توخمی سەرەکی کۆمەڵگە "ژن و پیاو" بەهۆی بەهای دڕدۆنگی شەرەفەوە لە گەشەسەندنی تەندروست دەکەوێت و، هۆش و بیریان وابەستەی بەهایەکی دڕدونگانە "وەهمی" دەکرێت و، بەها ڕاستەقینەکانیان لە بیر دەبرێتەوە کە بۆ گەشەسەندنی کەسایەتییان پێویستە.

دوژمن لە دۆخێکدا کە داگیرکەری وڵاتەکەش بێت پسپۆری شارەزای بواری کۆمەڵناسی سیاسەت "سۆسیۆ پۆڵیتیک"، و دەروونناسی سیاسەت "سایکۆ پۆڵیتیک" دەخاتە کار بۆ دۆزینەوەی ڕێگایەکی هەرە قەدبڕ و کاریگەر بۆ کارکردنە سەر دەروونی دوژمن و بەرهەڵستکارەکانی. بەعس بە کۆدی "شەرەف" کۆمەڵگەی عێراقی بە گشتی خەساند و، لە دۆخی کوردیشدا ئەم کۆدەی هێندە کارا خستبووە کار کە پلەی یەکەمی لە تەرکیزی بیری مرۆڤی کورد، لە جیاتی بیری ڕزگاری نەتەوەیی پێ سپێردرابوو.

ساڵی 1979 هەر کە سەددام حوسێنی دیکتاتۆر فەرمانڕەوایی بە دەستەوە گرت، بە هۆی ئەوەی خۆی قاڵبووی کلتووری خێڵ بوو، دەیزانی بۆ پاراستنی پایە و سایەی خۆی چۆن کایە بەم کلتوورە و کۆدەکانیەوە بکات و بەرنامەیەکی بەرفراوانی بۆ بەخێڵەکیکردنی کۆمەڵگەی عێراق دروستکرد و گەلی کوردیش وەک گەلێکی هەمیشە بەرهەڵستکاری ڕژێمەکانی عێراق بەرنامەی تایبەتی و چڕی بۆ دانرا بۆ لێدان و لاوازکردن و کەمڕەنگکردنەوەی شۆڕشەکانی، بۆیە لە کوردستانیشدا کلتووری خێڵ بایەخی هەرەزۆری پێدرا.

لە سەرەتای ساڵی هەشتادا بە هەزاران خێزانی پێشمەرگە و بە تایبەت "دایک و خوشک" انیان بە بارمتە دەگیران و مەرجی ئازادکردنیان بەند بوو بە خۆبەدەستەوەدانی کوڕ ، باوک، براکانیان کە پێشمەرگەی یەکێک لە حیزبە بەرهەڵستکارەکان بوون و لە ڕیزی شۆڕشی ڕزگاریخوازی کوردستاندا خەباتیان دەکرد. گرتنی خوشک و دایک و هاوسەر بۆ پێشمەرگە چونکە وەک کۆدی شەرەفی بەکار دەبرا و هەڕەشەی بۆ سەر شەرەفی دروستدەکرد، سەدان پێشمەرگەی ناچاری خۆبەدەستەوەدان دەکرد و لە بەرامبەر دوو ئەڵتەرناتیڤدا "مانەوە و خەباتکرد بۆ ڕزگارکردنی وڵات" یان "هاتنەوە و خۆبەدەستەوەدان بۆ ڕزگارکردنی شەرەف" دادەنران و، زۆربەش ئەڵتەرناتیڤی ڕزگارکردنی شەرەفی هەڵدەبژارد. بۆ ئەم بۆچوونە بەڵگە و نموونە پێویستە و من لە ئەزموونی ژیانی خۆم و دەوروبەرمەوە ئەم نموونانەی خوارەوە دەهێنمەوە:

<u>نموونەیە یەکەم</u>: لە ساڵی 1980 دا کە من لە زیندانێکی شاری بەعقووبەدا زیندانییەکی سیاسی بووم، هەر لەو ماوەیەدا بەعس دەستی بە سیاسەتی گرتنی کەسوکاری پێشمەرگە کرد و لە هاوینی ئەو ساڵەدا زیاتر لە 200 کەسی خەڵکی شاری کفری کە زۆربەی هەرە زۆریان بریتی بوون لە ژن "کە دایک ، خوشک و هاوسەر" ی پێشمەرگە بوون (لە هەموو شارەکانی تری کوردستانیشدا ئەم سیاسەتە پەیڕەوی کرا). زۆربەی ئەو خێزانانە بە تەسلیمبوونەوەی کوڕەکانیان بەردەدران، تیایاندا هەبوو کە هەواڵی شەهیدبوونی کوڕەکەیان دەگەیشتە بەعس بەردەدران. ژمارەیەکی زۆر کەمیان مانەوە کە بە بڕیاری "لێبووردنی گشتی" ئازاد کران. لەم سیاسەتەدا کە بەعس پەیڕەوی کرد دەتوانم بڵێم نزیکەی 80% ی پلانەکەی سەری گرت و بە بارمتەگرتنی خێزانی پێشمەرگە "دایک، خوشک، کچ و هاوسەر"، بەشێکی زۆری پێشمەرگەی ناچاری تەسلیم بوونەوە کردەوە. ئەو سیاسەتەی بەعس لەوەوە سەرچاوەی دەگرت کە هێمایەک بوو بۆ

**بەبارمتەگرتنی "شەرەفی پێشمەرگە". کە ئەم نۆرمە لە کلتووری باوکسالاریدا وایە و لە کلتووری هەرەتۆخکراوەی خێڵیشدا کە بەعس برەوی پێدابوو، زۆر زەق و بەرجەستە کرابووەوە.**

**<u>نموونەی دووەم:</u> کە بەڵگەی ئەم بۆچوونەیە دۆخەکەی (مستەفا چاوڕەش)ە کە یەکێکە لە سەرکردەکانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان. لە دوای ڕووخاندنی ڕژێمی دیکتاتۆری بەعس و بەدەستەوەهاتنی هەندێک بەڵگە، ئاشکرابوونی پەیوەندی نهێنی هەندێک لە ئەندامانی سەرکردایەتی حیزبەکانی کوردستان بە ڕژێمی بەعسەوە ئاشکرا کرا و ئەو کەسانە بە "خاوەن فایل" ناوزەد کران. لەناو ئەوانەدا ناوی "مستەفا چاوڕەش" هاتبوو، ئەویش بۆ ڕەتکردنەوەی ئەو پەیوەندییە و هەبوونی فایلێکی لەو شێوەیە ڕوونکردنەوەیەکی سەبارەت بەوە لە ڕۆژنامەی هاوڵاتیدا بڵاوکردەوە تیایدا دانی بەوەدا نابوو کە ئەو لە پێناوی ڕزگارکردنی هاوسەرەکەیدا کە لە زینداندا بووە لای بەعس بۆ ئەوەی فێڵ لە بەعس بکات دوو نامەی بۆیان نووسیووە و تیایدا بەڵێنی هاوکاریکردنیانی داوە.**

**من وەکو کەسیی خۆم دوای خوێندنەوەی ئەو دانپێدانانەی کە مستەفا چاوڕەش لە ڕۆژنامەی هاوڵاتیدا بڵاوی کردەوە ئەو باوەڕەم زیاتر لا جێگیر بوو کە ژنی کورد چۆن وەک چەکی لێدانی پیاوی کورد و ڕووخاندنی ورەی بەکاربراوە. مستەفا چاوڕەش تاقە کەسێک نەبووە کە لەبەردەم ئەو دوو ئەڵتەرناتیڤە خەتەرەدا دانرابێت، وەک لە سیاسەتی بەعس بۆ دەستەمۆکردنی شۆڕشگێڕانی کورد لە ڕێگەی بەبارمتەگرتنی ژنانی بنەماڵەکەیانەوە بە بەرفراوانی لە کوردستاندا پەیڕەوەیی دەکرا. من مستەفا چاوڕەش لە نزیکەوە ناناسم و قەتیش ڕووبەڕوو نەمبینیووە، بەڵام بەهۆی بەدواداچوونی لێکۆڵەرانەوە بۆ پرسی کورد و شۆڕشی کورد، بۆ پرسی کۆمەڵگە و ژن و سیاسەتەکانی بەعس لە کوردستاندا، تا ڕادەیەکی باش زانیاریم لەبارەی ژیان و خەباتی ئەو و کەسانی تری سەرکردایەتی حیزبەکان هەیە. مێژووی ژیان و خەباتی ئەو و کەسانی تری بنەماڵەکەی دەکرێ گەواهی بن بۆ ئەوەی کە مستەفا چاوڕەش لەو دانپێدانانەیدا کە لە ڕۆژنامەی هاوڵاتیدا بلاوی کردەوە ڕاستگۆ بێت و جگە لەو دوو نامەیە و لە پێناوی هاوسەرەکەیدا پەیوەندی بە بە بەعسەوە نەکردبێت و فایلەکەی ئەو تەنها بریتی بووبێت لەو دوو نامەیە و ئەو دوو نامەیەش بۆ فێڵکردن بووبێت لە بەعس. <u>بەڵام</u> خودی ئەو دیاردەیەش ئەرگومێنتێکی ڕوونە لەسەر ئەو تیۆرییەی کە من سەبارەت هەڵبژاردنی ئەلتەرناتیڤی "وڵاتپارێزی" یان "شەرەفپارێزیی" باسم کردووە. مستەفا چاوڕەش وەک هەر پیاوێکی تری کۆمەڵگەیەکی نەریتی پەروەردەی کلتوورێکە کە تیایدا "شەرەف" کۆدی ناسنامە، کەسایەتی، شانازی و بەها گرنگەکانی ترە. ئەو دوو نامەیە بۆ فێڵکردن لە بەعسیش نووسیبێتی و هیچ مەبەستێکی خیانەتکارانەشی لە پشتەوە نەبێت، ئەوەمان پێ دەڵێت کە "ئەو" هەر ئامرازێکی بەکارهاتووی بە ڕەوا زانیووە بۆ دەربازکردنی "هاوسەرەکەی" کە کۆدی "شەرەف"ی ئەوە لە دەستی دوژمن. ئامرازەکەش کە لەم پرسەدا بەکار هاتووە "وڵاتپارێزیی"یە کە بۆ مەبەستی "شەرەفپارێزی" بەکاربراوە. لەم لێکۆڵینەوەیەدا مەبەست ئەوە نییە دۆخی مستەفا چاوڕەش بە تایبەتی و وەک دۆخێکی تایبەت بە "ئەو" باس بکرێت، هێندەی ئەوەی وەکو دۆخێکی گشتی و پەیوەست بە پرسێکی گەورە و چارەنووسسازەوە باس دەکرێت. چونکە نەک هەر ئەو، کۆمەڵگەی کورد بە گشتی گۆشبووی نۆرمەکانی کۆمەڵگەی باوکسالارین و لەناو ئەو نۆرمانەشدا "شەرەف" گرنگترینیان بووە بۆ پیاو. بۆیە دەبینین لەم دۆخە تایبەتییەدا پیاوێکی کورد لە پلەی سەرکردایەتی ڕێکخراوێکدایە و خاوەنی مێژوویەکی دوورودرێژی خەبات و تێکۆشانە لە ساتێکی وادا کە هاوسەرەکەی "کە کۆدی شەرەفەکەیەتی" دەکەوێتە بەر مەترسی شکاندنەوە ئیدی بە بێ بیرکردنەوە لە ئاکامەکەی و لەوەی کە ڕەفتارێکی ناعەقڵانی لەو جۆرە لە داهاتوودا ڕەنگە هەموو مێژووی تێکۆشانی بخاتە ژێر گومانەوە، نامە بۆ دوژمنەکەی دەنووسێت و (بە فێڵ) بەڵێنی هاوکاریکردنیان دەداتێ[1].**

---

[1] لە بارەی فایل و ڕوونکردنەوە بڵاوکراوەکەی مستەفا چاوڕەش بۆچوونی جیا نووسران و بڵاوکرانەوە. بۆچوونەکان هەندێکیان مەبەستی سیاسییان لە پشتەوە بوو چ لە بەرژەوەندی و چ لە دژی مستەفا چاوڕەش، هەشبوون لە ئەنجامی سۆزی پەتی بۆ پرسی کورد نووسرابوون. ئەوەی من لەم نموونەیەدا دەیخەمە ڕوو سەبارەت بە دۆخی فایل و نامەکانی ئەم پیاوە، جیاوازە. بۆ ئەوەی پێش بەوە بگرم لێکدانەوەی جیاواز لەوەی کە من مەبەستمە بۆ ئەم نموونەیە بکرێت، حەز دەکەم ئەوە ڕوون بکەمەوە کە من وەک لێکۆڵەرێک ئەم نموونەیە تەنها وەکو فاکتێک بەکار دەهێنم بۆ بەڵگەدارکردنی لێکدانەوەیەکی کۆمەڵناسی سیاسەت و ئەو سیاسەتانەی بەعس لە کورستاندا پەیڕەوییان کردووە. ناوهێنانی مستەفا چاوڕەش لەم لێکۆڵینەوەیەدا بۆیە بە ئاشکرا باس کراوە و ناوی خوازراو بەکار نەبراوە "کە لە نەریتی لێکۆڵینەوەدا باوە"، چونکە خودی ئەو مەسەلەیە بە ئاشکرا لە ڕۆژنامەکاندا لەسەری نووسرا و مستەفا چاوڕەش خۆیشی لەم بارەیەوە ڕوونکردنەوەی نووسی. ئەو ڕوونکردنەوەیە بۆ لێکۆڵینەوەی کۆمەڵناسی، دەروونناسی و سیاسی وەکو فاکتێک زۆر گرنگە و خودی ئەو ڕوونکردنەوەیەی مستەفا چاوڕەش، ئەگەرچی ئەو بۆ بەرگریکردن لە ناسنامەی خۆی نووسی و بڵاوی کردەوە، دەکرێ بایەخێکی مێژوویی هەبێت و لە زۆر بواری لێکۆڵینەوەدا بەکارببرێت.

کە ڕژێمی بەعس یاری بە کۆدی شەرەف دەکات لە پێناوی دەستەمۆکردنی بەرهەڵستکاراندا و لە ئاکامی ئەو یارییەش دڵنیاییە، هۆی ئەوەیە ئەو دەزانێت کە سیستەمی بیرکردنەوەی کۆمەڵگە چۆن لەناو ئەو تاقەبەهایەی کلتووری خێڵدا دیل کردووە. لێرەدا ئەفسووسی گەورەی ئێمە ئەوەشە کە شۆڕشگێڕان، ڕووناکبیران، سەرکردەکان و ئەوانەی کە سیمبۆڵی ڕزگاریخوازی گەل و نیشتیمانیش بوون نەیانتوانیبوو لە سیستەمی بیرکردنەوەی خێڵ دەرباز ببن و نۆرم و بەهای پێچەوانەی نۆرم و بەهاکانی خێڵ بۆ خۆیان دابهێنن و بۆ ئەوانیش شەرەفپارێزی لە وڵاتپارێزی گرنگتر بوو.

هەموو ئەو لێکدانەوە و شیکردنەوانە بۆ بەڵگەدارکردن و بە گشتیکردنی ئەو تیۆرییەیە کە من لەم لێکۆڵینەوەیەدا لە ئەنجامی خوێندنەوەی دۆخی "بەڵگەنامەی فرۆشتنی کچان و ژنانی ئەنفالکراو" دا پێی گەیشتووم. ژنی کورد چونکە وەک کۆدی شەرەف مامەڵەی لەگەڵدا کراوە، فرۆشتن و پێشکەشکردنیشی بە سەماگە و یانەکانی میسر بۆ شەوکاری بە مەبەستی نەک هەر بریندارکردنی هەستی کورد، بەڵکە بە مەبەستی **ئەزیفکردنی دەروونی کۆمەڵگەی کورد** بە گشتی و پیاوی کورد بە تایبەتی ئەنجام دراون.

## ئەنجام:

ئەو بەڵگەنامەیە و ئەو نموونانەی لەم لێکۆڵینەوەیەدا هێنرانە بەر تیشکی سەرنج و لێکدانەوەیەکی سۆسیۆپۆلیتیکانە دەمانگەیەننە ئەنجامێکی ترسناک و سەیر، کە من مەترسیی و سەیرییەکانی لە چەند خاڵێکدا بە کۆنکرێتی دەردەبڕم:

- کۆمەڵگەی کورد کۆمەڵگەیەکی نەریتییە و، ئەو سیاسەتەشی کە بەعس پەیڕەوی دەکرد لە کوردستاندا ئەنجامێکی وای هێنا کە کلتووری خێڵ و نۆرم و بەهاکانی ئەم کلتوورە لە کوردستاندا بە هەموو مەترسییەکانیەوە لە لایەن هەموانەوە بە ڕووناکبیر و شۆڕشگێڕەکانیشەوە بە چاوی نوقاوەوە پەیڕەوی کرابێت.
- ژن کۆدێک بووە بۆ شەرەف، ژنی کورد چەکێک بووە بۆ لێدانی پیاوی کورد و ئەم پلانە سیاسی – کۆمەڵایەتی یەش تا ڕادەیەکی زۆر زۆر بۆ بەعس ئەنجامی دڵنیای بەدەستەوە داوە و کارێکی وای کردووە بیر و هۆشی کورد بە کلیلی شەرەف قوفڵ بدرێ و شەرەفپارێزی پێش وڵاتپارێزی بکەوێت.
- شۆڕشی ڕزگاریخوازی کورد بۆ ئەم مەبەستە بیرکردنەوەیان نەبووە و لە پلان و بەرنامە پەیڕەویکراوەکانی بەعس نەکۆڵیونەتەوە، تا پێ بە پێی ئەوە ئەمانیش بەرنامە بۆ پووچکردنەوەی پلانەکانی بەعس دابنێن، بەڵکە ناخودئاگایانە دووی ئەو نۆرمانە کەوتوون کە بەعس و خێڵ مرۆڤەکانی ئەو دەڤەرە بە گشتی و کوردستان بە تایبەتی پێ دیل کردووە.
- بەڵگەی فرۆشتنی کچانی ئەنفالکراو لای مرۆی کورد تەنها لەو ڕووەوە دەبێتە جێی بایەخ کە ئەو کچانە شەرەفی کوردن و کورد شەرەفی شکێنراوە، نەک وەک دۆخێکی سیاسی و کێشەیەکی سیاسی مامەڵەی لەگەڵدا بکەن و وەک کۆدی کۆیلەبوونی گەلی کورد وەک گەلێکی ژێردەستکراو بیبینن.

## دوا وتە:

کلتووری خێڵ و نۆرمەکانی سیستەمی باوکسالاری گەورەترین هەڕەشەن بۆ سەر ناسنامەی مرۆڤ. لە دۆخی کورد دا ئەم خاڵە دەبێتە گەورەترین خەتەر بۆ سەر هەردووکیان "ناسنامەی کورد" و "ناسنامەی ژنی کورد".

عەقڵی خێڵ مرۆڤی کورد پابەندی نۆرمەکانی باوکسالاری دەکات و، بیر و هۆشی پیاو بە کۆنترۆڵکردنی ئۆرگانی سێکسی ژنەوە خەریک دەکات. ئەگەرچی ئەم گوزارەیە ڕەنگە زۆرکەس ئازار بدات بەڵام ڕاستییەکە و دەبێت بگوترێت کە "عەقڵی خێڵ لە سەری خۆیدا نییە و لەناو دەرپێی مێینەکانی بنەماڵەیدایە".

کلتووری خێڵ، لە پرۆسەیەکی پەروەردەیی نالۆژیکیدا ژن لە مرۆڤێکی ئاساییەوە کە پێویستە بەهرەمەند بێت بە مافە سروشتییەکانی خۆی، دەگۆڕێتە بەهایەکی دڕدۆنگ (وهمی) و، بەهۆی ئەم بەهایەشەوە کە جەستەی ئەو کراوە بە هێمای لەگەشەسەندنی ئاسایی دەخرێت و سزا دەدرێت و دەشکرێت بە ئامرازێک بۆ سزادانی پیاو.

بۆ ئەوەی کۆمەڵگەی کورد ئازاد بێت، پێویستە هەموو تێکۆشانێکی ئێمە بۆ ئەوە بێت لە کلتووری خێڵ جیا ببینەوە و کلتوورێکی مەدەنیی لە جێگەی چێکەین. بەها دڕدۆنگەکانی کلتووری خێڵ توور بدرێن و بەهای مرۆڤانە و لۆژیکی و مۆدێرن بکرێن بە نۆرم و ئەو نۆرمانە ببن بە سۆنگەی شانازی و کەسایەتیمان. ژن پێویستە لە ناو قەفەسی شەرەف دەرباز بێت و پیاو دەبێت لە پاسەوانی ئەو قەفەسە خۆی دەرباز کات. هەتا ژن لە ناو ئەو قەفەسە و پیاو پاسەوانی ئەو قەفەسە بێت، ڕۆحی مرۆڤی کورد بە دیلی دەمێنێتەوە و نەتەوەکەی هەر ژێردەستە و خاکەکەیشی هەر داگیرکراو دەبێت.

2004/04/20

ستۆکهۆڵم/سوێد